# ساڵی پار

# گەنجان وازیان لە خوێندن

# دەهێنا و پیرەکانیش دەگەرانەوە



**نەجات روستی**

njatrosty@yahoo.com

پەروەردەوخوێندن لە کوردستان لە ماوەی پانزەساڵی رابردوو بەردەوام پڕبووە لەکێشەو گرفت لە هەموو رویکەوە، هەرچەندە لەلایەن پەیوەندیدارەکانیش بەردەوام هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە بەڵام لە گەڵ زۆربووی رێژەی خوێندکاران و کەڵەکەبونی گرفت کێشەی, پانزە ساڵی رابردوو نەیان توانیووە ئەو گرفتانە بەئاقاری چارە سەرکردن دابەن، بەڵکو رۆژ دوای رۆژ زیادی کردوو، بەتایبەتی لەلادێیەکانی سەرسنورە دورەدەستەکان. هەرچەندە ساڵانەش بەلێشاو ماموستاو نوێ دا ئەمەزرێنن، بەڵام دیارە گرفتەکان لەوەزیاترن کە بتوانن بەشێوەیەکی ئەوها سادە چارەسەر بکرێ, لەلایەکی تریش ساڵ دوای ساڵ رێژەی ئەوانەی واز لە خوێندن دەهێنن لە زیاد بون دایە بەتایبەت گەنج و هەرزەکاران رەنگە ئەم وازهێنانەش چەندین هۆکاری هەبێت کە سەرەکیترینیان نەبوونی بژیوی ژیان و  نەبونی پێداویستییەکانی ژیان ئەو هەرزەکارانە والێ بکات واز لە خوێندن بهێنن بەدوای کاروکاسبی بگەرێن.وازهێنانی بەلێشاوی ئەو گەنجانە بە تایبەت لە شارۆچکەکان . لە دوارۆژ ئاسەوارێکی نیگەتیف بیرکردنەوەیان و ئاستی رۆشنبیری و بیرکردنەوەیان بەجێ دەهێڵێ و لەئایندەش دەبێتە گەورەترین گرفت لە کۆمەڵگا. چونکە کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار دروست دەبێ و کاریگەری دەبن لەسەر هێزی کاری وولات .کۆمەڵایەتی بە ئاقارێکی تر دا دەبات. ئەوەی سەیر بووە کە لە دووساڵی رابردوو ئەوەبووە گەنجەکان وازیان لە خوێندن دهێناو ,پیرەکانیش ئەگەرانەوە بۆ خوێندن. بەڵگەش بۆ ئەوە بەدی کردنی چەندین خوێندکاری بەتەمەن بوو لە ناوەندەکانی خوێندن بەتایبەتی زانکۆو پەیمانگاکان، بەرزبونەوەی رێژەی خوێندکارانی ئیواران و قەلەباڵغ بوونی ئەو خوێندنگایانەی کە پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری تیدیان دابەریوە دەچوو. ساڵی پار لەبەر بەرزبونەوەی رێژەی

خوێنـدكارانی شـەوان لـە شـاری سـلێمانی بەرێوەبەراییـەتی پـەروەردەی ناچـار كـرد كەچـەندین خوێندنگای تربكاتەوە. سەرەرای بوونی هەزارانی تر كە تاقی كردنەوەی دەرەكی ئەنجام ئـەدەن. دیارە ئەورێژە زۆری خوێندكارانەی كە تەمەنیان لەسـەرەوەی (28)سـاڵی یـەوەو داوای خوێنـدن دەكـەن لـە خوێنـدنگاكانی شـەوان و تـاقی كردنـەوە دەرەكیـەكان, مایـەی خۆشـحالیەو هەقـە وەزارەتی پەروەردە وەك چۆن كردویەتی, زیاتریش كارئاسانی بۆ ئەو كەسانە بكات كە دەیانەوێ بخوێنن لە هەمان كاتیش وەزارەتی ناوبراو هەوڵی چارەسەركردنی ئەو رێـژە زۆرەی خوێنـدكارانی خوارتەمەنی (14) ساڵی یەوە بدات كەواز لە خوێندن دەهێنن لەرێگای توێژەر كۆمەڵایەتیەكان دا رێگایەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ژیانی ئەو خوێندكارانە بكۆڵنەوەو بـەدوای هۆكارەكـانی وازهێنـان بگـــەرێن , حكومـــەتی هـــەرێمیش بەتایبـــەتی وەزارەتـــی پـــەروەردەو كاروبـــاری كۆمەڵایـــەتی چارەسەرێكی بنەرەتی بۆ ئەم دیاردە ترسناكە دابنن. ئەگەر نا, وەك چـۆن ئێسـتا لـە دەزگاكـان فەرمانبەرێكی زۆر بەتەمەن بەدی دەكرێ . رەنگە زۆرجاریش هـۆی سسـتی كارەكـانی حكومـەت ئەمە هۆكارەبێت. ئەگەر گەنجەكان واز لە خوێنـدن بهێـنن و پیرەكـانیش بگەرێنـەوە خوێنـدن لـە چەند ساڵی داهاتوو رێـژەی نەخوێنـدەواری بەرێژەیـەكی زۆر بـەرز دەبێتـەوە بەقـەد هـەموو ئـەو كێشانەی كە كەلەكە بوون و بێچارەسەر ماونەتەوە.